بەڕێز حەکیم داوای دامەزراندنی سەنتەرێکی نیشتمانی بۆ هاوڵاتی بوون و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە دەکات

لەدووەمین وەستگەی لە پارێزگای دیالا بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە چەند کەسایەتییەکی ئەنجومەنی زانکۆی دیالا کەوت و دانیشتنەکە کە لە ڕۆژی 1-3-2023 ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی دکتۆر عەبدئلمونعم عەباس سەرۆکی زانکۆبوو هەروەها جێگران و کارمەندانی کارگیری و عەمیدی کۆلیژەکان ئامادەی داینشتنەکە بوون، لەم دیدارە بەڕێز حەکیم سەیری هەوڵ و کۆششکانی زانکۆیەکەی کرد لەڕووی زانستی و پلانەکانی لەسەر هەمووئ استەکان و داواشی کرد کە سەنتەرێکی نیشتمانی بۆ هاوڵاتی بوون و یەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە دابمەزرێنن، ڕوونیشیکردەوە کە دیالا بەوە ناسراوە کە عەراقێکی بچووکراوەیە و ئەڤڤەی گەیاندنە لەنێوان باکوور و باشوور هەروەها خاڵی بەیەك گەیشتنی پێنج پارێزگایە کە لەڕووی جوگرافی دیمۆگرافی جیاوازیان هەیە.

سەماحەتی نیشتمانێتی شیعی دووپات کردەوە و هاوڵاتی بوونی بە پەورەك بە هەموو ئەندامانی کەمەگا وەسفکرد و گوتیشی کە عەراق هەلساوەتەوە و پێش دەکەوێت و چەندین ئاماژە هەن کە بەگەی ئەوەن لەوانە جامی کەنداوی 25 کە چەندین خاڵی ئەرێنی پێوە دیار بوو، هەروەها کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەب کە ئامادەبوونکی جەری پێوە دیار بوو، ئاماژەشی کرد کە خوێندنەوەیکی ئەرێنی و باش بە دەخی عەراق هەیە لەلایەن هەموو ئەوانەی بەم دواییە سەردانی عەراقیان کردوە.

سەماحەتی داوای لە زانکۆکان کرد کە بەشداری بکەن لە دەرچوونی عەراق لە پشت بەستن بە تاکە داهات لە ڕووی ئابووری کە نەوتە و گوتی پێویستە سەرچاوەکانی داهات زیاد بکرێت ئەویش بە ئەکتیف کردنی کەرتەکتنی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەیشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلەژیا، ئاماژەشی کرد کە عەراق لەم بوارە زۆر درەنگ کاری لەسەر دەزینەوەی چارەی دیکە کردوە لە کاتێکدا چەندین وڵاتی نەوتی دەمەکە لەم بوارە هەنگاوی باشیان ناوە.

لەکۆتاییدا سەماحەتی دووپاتی کردووە کە دەبێت زانکۆکان سەربەخۆبن و مافی ئەویان پێ بدرێت کە سەرچاوەی داهالتیان زیاد بکەن و پرۆژەکانیان بەڕێوە ببەن، هەوڵها بە پێویستی زانی کە مامەستایانی زانکۆ بە پێدانی زۆری پشتگیری بکرێن و مافی دیکەشیان پێ بدرێت و جێختی لەسەر کوالیتی زانستی زانکۆکانیش کردەوە.